# ئەوساتانەی موچورکە بەلەشدا دێنن!! ... ئامانج عەبدوڵا سوور



هەمیشە مرۆڤە هەست ناسکەکان لەهەڵوەستەدا پچوکترین دیاردە ئەیانتەزێنی چۆن (واین دایر) ئەڵی خۆیان پراوپر ئەکەن لەخۆشەویستی بەرامبەرەکەیان ئنجا مرۆڤێکی کاملن، زۆر دیاردە منی تەزاندووە ئەوەندەی بیروهۆشم هەبێت رەنگە لەزۆر دیاردەش لاموبالات بوبێتم، هیچ کام لەودیاردانە هێندەی گەندەڵی دەسەڵات هەراسانم ناکات وەك پەشێو ئەبی شەونەبێت خەوبەچیاوە نەبینین ئاخر جاران تەنهاچیاکان هاورێمان بوون لی ئێستا چیا بووبە سیمبولێك بۆ دۆزینەوەی لوتکەی هیواکان، چەندە لەبەهاران بی حەوسەڵەم هێند لەپایزاندا لەچیاکان ئەروانم چونکە بەدوای هیوا هێند گەراوم وەك ماکبێستی شکسپیر بی هوودەبووم!!!ئەم دیاردانەی ئەی خەمە روو نەك هەرموچرکەی بەلەشا هێناوم بگرە تەزاندوومی ئنجا نازانم تۆی خوێنەر تاچ ئەندازەیەك هەست بەجوڵەی مووەکانی لەشت ئەکەی؟یان هەر ناتجوڵێنی؟!

## دیاردەی یەکەم:

بەر لەراپەرین (... ) موستەشارێکی باڵا دەست بوو من ئەوکات مناڵ بووم باوکم هەموو جارێك پەندی ئەدام بەوەی هاورێیەتی کورەکانی نەکەم چونکە دراوسێیەکی جاش بوو نەك باش!!ئەو شەوەتاریکانەی ئەمن هاتن باوکمیان بەرەوئەمنە سورەکە راپێچ کرد کاك () قاقای پێکەنینیم باش گوی لی بوو دیاربوو بەرلەوەی بێنە سەر باوکم مەرحەباییەکی گەرمی ئەویان کردبوو بەدووریشی نازانم لەو زاتەشەوە زمانمان لی نەدرابێت چونکە بەزۆر شت پەییان ئەبردوزانیاری باشیان لابوو، کە وادەی راپەرین نزیك بووەوە نامەیەکی لەپێشمەرگەیەکی نزیکی خۆمانەوە بۆ هاتبوو نەك هەر وەڵامی نەدایەوە بگرە هەرەشەی ئەوەی لەوکەسەنزیکەم کردبوو کەبیداتە دەست ئەمن، لەراپەرینەکەدا خۆیشاردەوە لی بوردنە ساویلکانەکەی راپەرین ئەویشی گرتەوە بەڵام رای کرد بۆ بەغدا بۆلای سوڵتان، دوای رووخانی رژێمی داگیرکەری بەعس چوە باشترین پۆستەوە ئێستا زۆرترین پاسەوانی بۆ خۆی داناوە گوایە کوری کۆنی خەباتی ژێرزەمینی دووفاقی بووە!!!

## دیاردەی دووەم:

بۆ کاك جەزا چنگیانی چیرۆك نووس

تازە کتێبی کورتە چیرۆکە واقیعیەکانی نوسەر وچیرۆك نوس (جەزا چنگیانی) بڵاو ببوەوە من لەرێی نوسەرێکی گەنجەوە کەکاکە جەزا رێگەپی دابوو هەندی لەکتێبەکانی بۆ خەڵات بکەن بەسەر رۆشنبیران دا دانەیەکم بەدەست گەیشت، لەم رۆژانەی رابردوودا کەسێکی باڵادەست لەریزەکانی یەکگرتوی ئیسلامی بەسەروگوێلاکی نوسەروبەرهەمەکەدا هاتە خوارەوە بووبە گفتوگۆومشت ومرمان من وەك کاری هەمیشەیم لەسەر دەق قسەوباسم هەبوو

كەروانیم لەمن باشتری خوێندۆتەوە بگرە لەسەرلایەنە سێكسێكان هەڵوێستەی ئەكردو دێربەدێری لەبەركردبوو، ئەودەم لایەنی سایكۆلۆژی ئەم برادەرەی یەركگتووم بۆ روون بووەوە كەچەند جار بەدیار ئەم كتێبەوە داخۆ توشی ئۆرگایزم هاتووە كەواتە نوسەر راستی نوسیوە ئیسلامیەكان شەیدای ئەم لایەنەن بەڵام تەنها بۆخۆیانە وخێزانەكانیان ئەمە ناگرێتەوەورەنگبی ئەم برادەرەش لەماڵەوە ئەم كتێبەی كلیل دابێ تابەردەستی ماڵەوەیان نەكەوی!!!

## دیاردەی سێیەم:

پیاوێكی دووروو هەیە لەبەرامبەرتا كەس بەوێنەی ئەو ستایشت ناكات كەچی لەپاشملە چی پی بكری لەجنێودان وسوكایەتی درێغی ناكات لەم رۆژانەی رابردوودا زەمی كردم نەیزانی بۆخۆم لەوی دانیشتووم لەبەرامبەردا هەستام ئەملاولاویم ماچ كرد بردەران یایان لە قاقای پێكەنین لەورۆژەوە سەروچاویم نەدیەوە!!!

## دیاردەی چوارەم:

پێشكەشە بەنوسەركاك حەمە سعید حەسەن
ئەوددمەی پارتی ویەكێتی لەرێكەوتن دا شاگەشكە ببون نوسەری رەخنەگری بەتوانا حەمەسعید حەسەن رەخنەی ماڵئاوایی لەكوردستان نێت بڵاوكردەوە بەتەواوی دەسەڵاتی هەراسانكرد كارگەیشتە ئەوەی هەرچی ئەوبابەتە رەخنەییانەی لەكوردستان نێت رابكێشایە راپێچی ئاسایشیان ئەكرد، ئیدی بابەتكانی نوسەر كرانە مەلزەمە برادەرێك یەكێك لەم مەلزەمانەی پی بوو خستبویە ناوعەرەبانەكەیەوە دیارە ئەم برادەدەرە لەناوشار عەرەبانەیەكی دەستی پی بوو جگەرەوبابەتی وردەی لەسەر ئەفرۆشت، كەبەتاڵ ئەبوو بابەتەكانی نوسەری ئەخوێنەوە رۆژێك ئاسایش بەبیانوی عەرەبانەكەی دایایان بەسەریا وبابەتەكانی حەمەسەعی حەسەنی پی گیرابۆ ماوەی چواردە رۆژ لەبەندینخانە گیربوو دواتر بەكەفالەت ئازادبوو، من تی گەیشتم دەسەڵات چوارەم دروست ئەبێت بەڵام كەی؟ئەوكاتەی نوسەر ماف بسەنی نەك داوای بكات!!!

2005/11/18